سەماحەتی حەکیم پیرەزبایی جەژنی لەدایك بوون لە کڵێسەی مارکەرکیس دەکات و جەخت لە بەهاکانی ئاشتی و لێبوردن دەکات

بەڕێز عەمار حەکیم ، سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ، لە یادی لەدایکبوونی سەیدی مەسیح لە کڵێسەی مارکەرکیسی کلدانی کاتۆلیك لە بەغداد جدیدە پیرەزبایی لە هەمووان کرد و بەم بۆنەیە گوتی " سەیدی مەسیح (سەلاوی لە بەت لەگەڵ پێغەمبەری ئێمەش) تەنها بە مەسیحییەکان پێویست نییە، بەڵکو ئەو پێیامی ئاشتی و لێبوردەیی و بەهای مرۆڤایەتی هەڵگرتوە کە پێیامی ئاسمان بووە، ئەوەش پێیامێکی هاوبەشە لەگەڵ هەموو پێغەمبەراندا.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە فرەیی لە عێراق مێژوو و شارستانیەتی درێژی هەیە و سەرچاوەی دەوڵەمەندی کۆمەڵگەی عێراقییە، ئەوەش پێگەی نیشتمان و گەورەیی دەردەخات، جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی تایبەتمەندی ڕۆشنبیری و ئایینی و ئازادی دەربڕین لەسەری و دووپاتی کردەوەش کە پێویستە ئەوە لەژێر چەتری عێراق بێت و لەچوارچێوەی ناسمانەی عێراقی بێت کە هەمووان کۆدەکاتەوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە عێراق چەندین کابێری تیپەڕ کردوە و ئێستاش لە قۆناغی چاکبوونەوەیە، لەئێستادا سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی لە ئارادا هەیە و ئەوەش هەستانەوەیەکی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی بەخێرەوە دەبینیت لە سەرجەم کەرتەکاندا، هەروەها باسی مینەتییەکانی ئێستای گەلانی ناوچەکانی دەوروبەری کرد و هیوای خواست ئاشتی و سەقامگیری و خۆش گوزەرانی بە گەلانی ناوچەکە فەراهام بێت.